# هەڵەبجە لەبیریەتی ئەگەر د . بەرهەم بیری مابێت ؟!

## ئاسۆعەبدوللەتیف

لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵەی نیشتیمانی عیراق لە 30 کانونی دووەمی 2005 و لە گەرمەی پروپاگەندەو وادەو بەڵێنە شەفەهیەکانی لێپرساوە حیزبی و حکومیەکاندا بۆ دەستکەنە و درویێنەی دەنگی فەقیرو هەژارانی کوردستان بەرێز د.بەرهەم ئەحمەد ساڵحی جێگری ئەیاد عەللاوی سەرەک وەزیرانی ئەوسای عیراق بەڵێنێکی خۆش و مژدانەیەکی دابەگوێی خەڵکی هەڵەبجەو رای گشتیدا بەوەی کە عەلی حسن مجیدی تاوانباری ئەنفال و بکوژی هەڵەبجە، دێنینە هەڵەبجە ولەبەردەم رۆحیانەتی شەهیدان و ئەهلی ئازارچەشتوی هەڵەبجەوکەس وکاری قوربانیانی کیمیاییبارانە دادگایی ئەکەین،تا ئەمرۆشی لە گەڵدا بێت ئەم قسەیە هەر قسەیەو بایی تۆزقاڵێک نەچۆتە وارِی پراکتیک و ئەسڵەن هەڵەبجەیەکان و نوێنەرە دەستە بژێرەکانی هەڵەبجە نازانن بکوژەکەیان لە کوێ زیندانەو بەپاڵ ئەو بەناو زیندانەشدا بچن کە سەدام و علی حسن و بەعسیەکانی لێیە ئەگەر گریمان زیندان بێت کەسێک لێیان ناپرسێتەوەو رەنگە بشیانگرن و بڵێن ئێوە لە هەڵەبجەوە هاتون کەواتە کوردن کوردیشن کەواتە موسوڵمانن موسوڵمانیشن کەواتە ئیسلامیەکانی هەڵەبجەن ئیسلامیش بن کەواتە سەددەرسەد ئەنسارئیسلامن و تیرۆریستی سپێشڵن ؟! کەواتە بۆ سجن!

بەراستی ئەم قسەیەی بەرپرسێکی پایەبەرزی حیزبێکی کوردی و حکومەتی عیراقی تەواو جێگای دڵخۆشی و جێ ئیعتیبارو نەزەری هەموولایەک بوو کە بەکەلەبچەکراوی خەڵکی هەڵەبجە شۆڤێنیستێکی عەرەبی کەللە رەقی خائین ببینن ، کە ئەگەر قسەیەکی وەها بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردن و بازارگەرمکردنی حزبیانە نەبێت ئەوا بەڵێنێکی مژدەدەرە تا ئاستی شای بەڵێنەکان ؟ بۆنا بۆچی ئەبێت ئەو تاوانبارانە هەروا ژیان بگوزەرێنن بێ ئەوەی ئەم نەوە پیرە بەساڵاچوە ئازاردەرو ئازارچەشتوەی دەستی ئەوان بەچاوی خۆیان نەیبینن کە زەلیلانە لە بەردەمیاندا دادگایی بکرێن و رۆحیانەتی سەدان شەهیدی وەکو عومەری خاوەرو فریشتەکەی باوەشی ئیدی ئاسودەبن.

بەڵام ئەوەبۆچی پاش تێپەربوونی زیاتر لە چوار مانگ کەس باسی ئەو بەڵێنە ناکاو کەسیش سۆراخی دادگاییکردنی بکوژانی هەڵەبجە ناکات، لەکاتێکدا ئەمرۆ بەسەرۆکی وولات هەڤاڵ مام جەلالیشەوە ئێمە خاوەنی چەند پۆستێکی سیادی و دەیان پۆستی بنەرەتین لە عیراقدا، نازانم سەرکردەکانی ئێمە بۆچی نە حساب بۆ کات و نەحساب بۆ قسەو بەڵێنەکانیان ناکەن ؟ مەگەر وا ئەزانن گەل هەروەکو جاران میگەلن و بە ئارەزوی خۆیان شاخەوشاخیان پێ بکەن وبە گیایەکی بەهاری و گزرەو کایەکی زستانە بەرێیان بکەن ؟ بۆچی ئەبێت بەرپرسێکی وەکو بەرهەم ساڵح کە مەکانەتی تایبەتی خۆی هەیەو پاراستوە قسەکانی وەکو قسەی بەرپرسەکانی تری لێبێت لەکاتێکدا نیوەی تەمەنی لە کولتوری رۆژئاواییدا بەسەربردوە کە بەرجەستەترین نۆرم و بەها بەهای بەڵێندان و راستگۆبێژییە کەچی دێت لە زنجیرەیەک پروپاگەندەدا بەڵێنی هێنانی عەلی کیمیایی ئەدات بیهێنێتە هەڵەبجە و کەچی هەر نەهات و هەڵەبجەش هەر چاوەروانە، لەباتی هێنانی ئەو بەهایانەو فێرکردنی سەرکردەکانی تر بە بەڵێن بردنەسەرو سنوردانان بۆ شکۆی جەماوەرو دەست و پەنجە نەرمکردن لە گەڵ کۆمەڵی شەفافی مەدەنیدا تا بردنەسەری هەر قسەو گفتێک کە ئەیدەینە ئەو جەماوەرە، کەچی بەداخەوە دواجار تێکەڵ ئەبینەوە بەکولتورە سەقەتەکەی خۆمان کولتوری قسەی زل و بەڵێنی وەهمی و سەرابیانەی گوێ ئاگردان، من ئەزانم خەڵکی هەڵەبجە ئەو قسەیان بیر ناچێت وەک چۆن هیچ قسەیەکی تریان بیرنەچووە سەبارەت بەو بەڵێنانەی بەرپرسان هەمووساڵێک ئەیدەن بەخەڵک لە فیستیڤاڵەکانداو دواجار وەکوبڵقی سەر ئاو دەر ئەچێت، ئاخر کوا بریاری بەپارێزگاکردن ؟ کوا زانکۆلەم شارە شەهیدەو کوا پرۆژەی ئاوی ئەحمەدئاواو کوا خانوی تازەو کوا جادەی قیرو کوا ئوتێل و شوێنی گەشتیاری دواجار کوا هێنانی عەلی کیمیایی بۆ دادگاییکردن لە هەڵەبجەدا ؟

ئەوەش ئەزانم هێنانی ئەو تاوانبارەش بۆ هەڵەبجە بچوکترین ئازاری قوربانیان کەم ناکاتەوە چونکە روکەشانە ئەبێت و لە گوڵ کاڵتریان پێ ناڵێن لەبەر ئەوە هێنانی سەدامیش بۆ هەڵەبجە هەر وەکو خۆیەتی چونکە هەر لە ئێستاوە بڕواناکەم بریاری ئیعدام جێبەجێ بکرێت بەناوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە و کەسیش خۆی ناخاتە ئەو گێژاوەو کوردیش لە دەورانی سەرۆکایەتی عیراقیدا هەر ئەو هەنگاوتە ناهاوێ وەک بڵێیت ئەوان کەهاتن هەڵەبجەیان ژەهر خواردووکرد پرسیان پێ کردین و مافی مرۆڤیان پاراست و ووتیان با هیچ نەبێت مناڵە ساواکان لەو سێوە نەخۆن، کەواتە ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد !